# بەشی سوێند خواردن (أَلأَیْمَان) (□□□)

**سوێند دانامەزرێ تەنها بەخوا (اللّه) نەبێت یا ناوێك لەناوەكانی یان سیفەتێك لەسیفەتەكانی (□□□) وەحەرامەو شیركە (شیركی بچوك) ئەگەر بە غەیری ئەو سوێند بخورێت (□□□)**

---

(□□□) (الأیْمَان) كۆی (یَمِیْن)ە و ە(أَصْل) ی (یَمِیْن)یش لەزمانی عەرەبدا واتە : دەست ، وەسوێند خواردنیش بە (یمین) ناو براوە چونكە كاتێك كە سوێندیان بخواردایە هەر یەكە دەستی ڕاستی هاوەڵەكەی دەگرت . وەلەشەرعیش دا جەخت كردنە لەسەر شتێك بەناوێك لەناوە كانی خوای گەورە یان سیفەتێك لە سیفاتەكانی.

(□□□) چونكە پێغەمبەری خوا (ﷺ) خۆی وا سوێندی خواردووە وەئێمەیشی فێر كردووە كەوا بەو شێوەیە سوێند بخۆین ، لەبەر ئەو هەموو فەرموودانەی كەلەو باریەوە هاتووە لەوانە فەرموودەكەی (إِبنُ عُمر) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا فەرمووی : سوێند خواردنی پێغەمبەر (ﷺ) بە ((**لا ، وَمُقَلِّبَ القُلُوبِ**)) بووە واتە : نەء ، بەو كەسەی كە هەڵگێڕەوەی دڵانە . [رواه البخاری (11/رقم 6628)].

وەفەرموودەكەی تری (إِبنُ عُمر) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەربارەی (زید بن حارثة) فەرمووی ((**وَأَیْمُ اللهِ إنْ كَانَ لَخَلیقاً لِلإِمَارَةِ**)) واتە : سوێند بەخوا ئەو شایەن بوو بۆ فەرمان ڕەوایی . [رواه البخاری (11/رقم/6627) ومسلم (2426/1884/4)] .

وە لە فەرموودەی زۆریش دا هاتووە كەبە ((**وَالَّذِي نَفْسِي بِیَدِهِ**)) سوێندی خواردووە واتە : بەو كەسەی كەنەفسی منی بەدەستە . [بڕوانە صحیح البخاری /باب كیف كانت یمین النبی ؟ ].

(340) لەبەر فەرموودەكەی (عَبْدُالله بن عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) كەوا فەرمووی : (پێغەمبەری خوا(ﷺ) گەیشت بە (عُمَرُ بنُ الخَطَّاب) دا كەڕێی دەكرد لەگەڵ قافڵەیەك دا و سوێندی بەباوكی دەخوارد جا ، پێی فەرموو ((**أَلا إنَّ اللهَ یَنهَاكُمْ أَنْ تَحْلِفُوا بِآبَائِكُمْ ، مَنْ كَانَ حَالِفَاً فَلْیَحْلِفْ بِاللهِ اَوْ لِیَصْمُتْ**)) واتە : بزانن كەوا خوای گەورە قەدەغەتان لێ دەكات لەوەی سوێند بەباوكتان بخۆن ، هەركەسێك سوێندی خوارد بابە خوا سوێند

بخوات یان بێ دەنگ بێت .[رواه البخاری (11/رقم6646) ومسلم 1646/1276/3) وابو داود (3/رقم 3249) والترمذي (1573/45/3) وغيرهم].

وەفەرموودەکەی (أَبُو هُرَيرَة) (خوای لێ ڕازی بێت ) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ((**لاَتَحْلِفُوا إِلَّا بِاللهِ وَلاَتَحْلِفُوا إلاَّ وَأنْتُمْ صَادِقُونَ**)) واتە : سوێند مەخۆن ئیللا بەخوا نەبێت ، وەسوێندیش مەخۆن ئیللا بەڕاستەوە نەبێت . [رواه ابو داود (3/رقم 3268) والنسائي (5/7/رقم 3769) وغيرهما وهو حديث صحيح بروانە الارواء (2698) وصحيح الجامع (7249) وصحيح النسائي(3529)] .

وەلەبەر فەرموودەکەی (إبنُ عُمر) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ((**مَنْ حَلَفَ بِغَيْرِاللهِ فَقَدْ كَفَرَ**)) . واتە : هەر کەسێك سوێند بە (غَيـْر)ی خوا بخوات ئەوە کوفری کردووە .[رواه ابو داود (3/رقم 3251) الترمذي (1535/110/4) والحاكم في المستدرك (52/1) ورواه احمد (24/2) بلفظ ((**فَقَدْ أَشْرَكَ**)) واتە: ئەوە شیرکی کردووە ، و فی لفظ الترمذي (1535/110/4) والحاكم (297/4) ((**فَقَدْ كَفَرَ وَأَشْرَكَ**)) وهو صحيح بروانە الأرواء (2561) والسلسلة الصحيحة (2042) الجامع (6204)].

**تێبینی:**

**یەکەم :** هەندێ کەس دەڵێن دروستە سوێند خواردن بەکەسێکی تر جگە لەخوا چونکە خوای گەورە لەقورئاندا سوێندی بەخۆرو مانگ و .... هتد لەدروست کراوەکانی خواردوە و پێغەمبەریش (ﷺ) لەفەرموودەی کابرای دەشتەکی (الأعْرَابِي) دا فەرمووی :((**أَفْلَحَ وَأَبِيْهِ إِنْ صَدَقَ**)) واتە : سوێند بەباوکی سەرفراز بوە ئەگەر راست بکات. درێژەی ئەم فەرموو دەیە [رواه البخاری (1/رقم 46) وابو داود (1/رقم 391) والنسائي (226/1) ومالك (94/175/1) واحمد (1629/1) ومسلم (11/40/1)] .بەبێ (وأبيه) بەلام تەنها لە ڕیوایەتێکی(مُسْلِم) دا بەو (لَفْظ) ی پێشوو هاتووە ، جا منیش لەوەلام دا دەڵێم : لەبارەی ئەوەوە کەخوای گەورە سوێند بەدروست کراوەکانی دەخوات ئیمامی (الشَّعْبِي) دەفەرموێ : بەدیهێنەر (الخَالِق) سوێند بەو دروستکراوانەی دەخوات کەخۆی ویستی لەسەرێتی ، وەبەدیهێنراویش (المَخْلُوق) سوێند ناخوات تەنها بە بەدیهێنەر (الخَالِق) نەبێت بڕوانە [فتح الباری شرح حديث رقم (6646)] بۆیە ئێمە نابێت لاسایی بەدیهێنەر(الخَالِق) بکەینەوە . وەئەوەی کەوا لەڕیوایە تێکی ئیمامی (مُسلم) دا هاتووە کەوا پێغەمبەری خوا

(ﷺ) سـوێندی بـەباوکی کـابرای دەشـتەکی خـواردووە . هەنـدێك لـەزانایان دەفـەرموون (أصْـل)ەن ئـەو (لَفْـظ) ی ئیمـامی (مُـسلم) راویـەکان (تَـصْحیف) یـان کـردووە– واتـە : لەکاتیـنوسینەوەدا بەهەڵە نوسراوە (وأبیه) ، چونکە شـێوەی نوسـینی (واللـه) و(وأبیـە) لەیەکــەوە نزیکــە ، بۆیــە لێیــان گــۆڕاوە(واللــه) یــان کردۆتــە( وأبیــە) – چــونکە لەڕیوایەتەکانیتردا بە (لَفْظ)ی ((أَفلحَ وَاللهِ إنْ صَدَقَ)) هـاتوە ، وەهەنـدێکیتر لـەزانایان دەفەرموون ئەگەر هەتا ئەم ڕیوایەتە (صحیح) یش بێت ئەوە ، لەپێش دا بـووە کەهێـشتا قەدەغەی لێ نەکرابوو سوێند بە ( غَیْر) ی خوا بخورێت بەڵام لەپاشان قەدەغەی لێ کرا . (إبنُ العَرَبِي المَالکِي) دەفەرموێ : ((**وَرُوِيَ أنَّـهُ** (ﷺ) **كَـانَ يَحْلِـفُ بِأَبِيْـهِ حَتَّـى نُهِـيَ عَـنْ ذَلِـكَ**)) وە ئیمامی (السُّبُکی) دەفەرموێ : زۆربەی (شَارِح)ە کان لەسـەر ئـەم ڕایـەن ، جـا منـیش دەڵـێم : بـێ گومـان ئـەم ڕایـە ڕاسـتەو هـیچ پێویـست بـەپێچ و پـەنا ناکـات وەفەرمودەی قەدەغەکردنەکەی پێغەمبەری خـوا (ﷺ) لـە (عمـر) کـەوا سـوێند بـەباوکی نەخوات ، بەڵگەیەکی ڕون و ئاشـکرایە کـەوا لـەپێش دا سـوێندیان بەشـتی تـر خـواردووە بەڵام پاش ئەوە قەدەغەی لێ کراوە وەفەرموودەکەی (قُتَيْلَة ) ی خێزانی ( جُهینة) (خوای لێ ڕازی بێت) ئەمە زیاتر ڕوون دەکاتەوە کەوافەرمووی : کابرایەکی جوولەکە هـات بـۆلای پێغەمبەری خـوا (ﷺ) ووتـی : ئێـوە (نـد) بڕیـاردەدەن و (شـرك) یـش دەکـەن دەڵـێن : ((**مَاشَاءَ اللهُ وَشِئْتَ**)) وەدەڵـێن : ((**وَالكَعْبَةِ**)) جـا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) پـاش ئـەوە فەرمانی کرد کەوا ئەگەر سوێندیان خوارد بڵێن : ((**وَرَبِّ الكَعْبَةِ**)) وەبڵێن : ((**مَاشَاءَ اللهُ ثُمَّ شِئْتَ**)) [رواه النسائی(بروانە صحیح النسائی(3533)) والسلسلة الصحیحة للألبانی (136)].

**دووەم** : هەندێك کەس ئەوە دەکەنە بیانوو بۆ ئەوەی سـوێند بەکەسـێکی تـر جگـە لە خوا بخۆن کەوا نەوەك سوێند بەخوا بەدرۆوە بخۆن . وەیان ئایـەتی ﴿**وَلَاتَجْعَلُـوا اللهَ عُرْضَةً لِأَيْمَانِكُمْ** ...﴾ (البقرە : 224) دەکەنـە بەڵگـە ئێمـەش لـەوەڵامیان دا دەڵـێین : چاکترین وەڵامی ئەم بیانووە بـێ هێـزە ووتەکـەی (عَبْـدُالله بـن مَـسْعُود)ە (خـوای لێ ڕازی بێـت) کـەوا دەفـەرموێ : ((**لأَنْ أحلِـفَ بِاللـه كاذِبَـا أَحَـبَّ إلَـيَّ مِـنْ أَنْ أَحْلِـفَ بِغَيْـرِهِ صَادِقًا**)) واتە : ئەگـەر سـوێند بـەخواوە بـەدرۆ بخـۆم پـێم خۆشـترە لـەوەی سـوێند بـە کەسێکیتر جگە لە ئەو بخۆم بەڕاستەوە . ڕەزای خـوا لـە (عَبْـدُالله) بێـت بەڕاسـتی وایـە چونکە سوێند خواردن بەخوا بـەدرۆوە تاوانـە !!! بـەڵام سـوێند خـواردن بەکەسـێکیتر بەڕاستیشەوە شیرکە کەگەورەترین تاوانـە !!! ئـەم ووتەیـە لـە (إبْـنُ عَبَّـاس وإبْـنُ عُمَـر) یـشەوە دەگێڕنـەوە (خوایـان لێ ڕازی بێـت) بڕوانـە [فـتح البـاری شـرح حـدیث رقـم (6646) ]

**وەزانایان جیاوازن لەوەدا ئەگەر سوێند بخوات بەسوێندی میللەتێکی تر جگە لەئیسلام کافر دەبێت یانەء** [341]

---

وەئایەتەکەش ئەو مانایەی نیە کەهەندێك وای لێ تێگەیشتون: (ابنُ عبّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) لەتەفسیری دا دەفەرموێ : سوێند خواردن بەخوا مەکەنە بەرگری کەوا ئیتر چاکە نەکەن بەڵکو هەرکاتێك سوێندتان بەخوا خوارد کە چاکەیەك نەکەن ئەوە کەففارەتی سوێندەکەتان بدەن و چاکەکە بکەن (إبنُ کثیر) ئەم تەفسیرە لە (مَسْرُوق وشَعْبي وإبْرَاهيْم النَّخْعِي ومُجَاهد وطَاوُس وسَعيْدُ بنُ جُبَيْر وعَطَاء والزُّهْرِي والحَسَن وقَتَادَه و ومُقَاتل والرَّبِيْعُ بنُ أَنَس وَالضَّحَّاك وعَطَاء الخرَاسَاني والسُّدِّي) یەوە دەگێڕێتەوە ڕەحمەتی خوا لەهەموویان بێت و ڕەزای خوایش لە (إبنُ عَبّاس) بێت بڕوانە [تفسير ابن كثير (266/1) تفسير هذه الآية] .

(341) لەبەر ئەو فەرموودانەی کەهەڕەشەی کوفر لەو کەسە دەدەن کەسوێند بەسوێندی میللەتێکی تر بخوات جگە لەئیسلام . لەوانە فەرموودەکەی (ثَابِتُ بنُ الضَّحَّاك) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((**مَنْ حَلَفَ بِمِلَّةِ سِوَى الإسْلام كَاذِبَاً مُتَعَمِّدَاً فَهُوَ كَمَا قَالَ**)) واتە : هەرکەسێك سوێند بەمیللەتێکی تر جگە لە ئیسلام بخوات و درۆبکات و بەدڵ ئەنقەستەوە ئەوە وەکو ووتەکەی وایە [رواه مسلم (177/105/1) والبخاري (11/رقم 6652) وغيرهما] .

وەفەرموودەکەی (عَبْدُالله بنُ بُرَيْدَةَ عَنْ أَبِيْه) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ((**مَنْ قَالَ إِنِّي بَرِيءٌ مِنَ الإِسلامِ فإنْ كَانَ كَاذِبَاً فَهُوَ كَمَا قَالَ وَإِنْ كَانَ صَادِقَاً لَمْ يَعِدْ إِلَيْهِ الإسْلَامُ سَالِمَاً**)) واتە : هەرکەسێك بڵێ : من بەریم لەئیسلام — ئەگەر فلانەشت وابێت یان وانەبێت — ئەوە ئەگەر درۆ بکات ئەوە وەکو ئەوە وایە کەدەڵێت وەئەگەر ڕاستیش بکات ئەوە بەسەلامەتی ئیسلامی بۆ ناگەڕێتەوە . [رواه ابو داود 3/رقم(3258) والنسائي (7/6) وابن ماجه (2100/679/1) وهو صحيح بڕوانە الارواء ] .

وەلەبەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((**مَنْ حَلَفَ مِنْكُمْ فَقَالَ فِي حلْفِهِ : باللَّاتِ ، فَلْيَقُلْ : لاإِلَهَ إلاَّ اللهُ ، وَمَنْ قَالَ لِصَاحِبِهِ : تَعَالَ أُقَامِرك فَلْيَتَصَدَّق**)) واتە : هەرکەسێك لەئێوە ئەگەر سوێندی خوارد و لەسوێنەکەی دا ووتی : سوێند بێت بە (اللات) ئەوە با بڵێ : ((**لاإِلَهَ إِلَّاالله**))

**وەهەرکەسێك سوێندی بۆ خورا بە خوا با ڕازی بێت (342) وەسوێند خواردن سێ جۆرە :-**

**یەکەم : سوێندی سەر زمان (یَمِینُ اللَّغْوِ) ئەوەیە کە بە مەبەستی سوێندەوە نەوترێت وەك بڵێ : (والله) ی ناخۆم ، نا(والله) ی ناچم ، ئەم جۆرە هیچی لەسەر نییە . (343)**

---

وەهەرکەسێك ئەگەر بەهاوەڵەکەی ووت : بێ قومارت لەگەڵ دا بکەم (یابامەرج بکەین) ئەوە باشتێك ببەخشێت . [رواه مسلم (1647/1267/3)والنسائی (7/7)وابو داود (3/رقم 3247)].

(342) لەبەر فەرموودەکەی (ابنُ عُمر) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((**لاتَحْلِفُوا بآبَائكُمْ ،مَنْ حَلَفَ بِالله فَلْيَصْدُقْ ، وَمَنْ حُلِفَ لَهُ بِالله فَليَرْضَ ، وَمَنْ لَمْ يَرْضَ بِالله فَلَيْسَ مِنَ الله**)) واتە : بەباوکتان سوێند مەخۆن هەرکەسێك سوێندی بەخوا خوارد با ڕاست بکات ، وەهەرکەسێك سوێندی بۆ خورا بەخوا باڕازی بێت ، وەهەرکەسێك بەخوا ڕازی نەبێت ئەوە لەئێمە نییە . [رواه ابن ماجه (2101/679/1) وهو صحیح بروانە صحیح ابن ماجه (1708)] .

وەلەبەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((**رَأَى عِيْسَى بُنُ مَرْيَمَ رَجُلاً يَسْرِقُ فَقَالَ : أَسَرَقْتَ ؟ قَالَ : لاَ ، وَالَّذي لَا إلَهَ إلاَّهُوَ فَقَالَ عِيْسَى : آمَنْتُ بِالله ، وَكَذَبْتُ بَصَرِي**)) واتە : (عیسی) ی کوڕی (مریم) پیاوێکی بینی دزی دەکرد جا فەرمووی :ئایە دزیت کرد ؟ ووتی نەء ، بەو کەسەی کەکەس شایەنی پەرستن نی یە جگە لەو، جا (عیسی)یش فەرمووی باوەڕم بەخوا هێناو چاوم بەدرۆ خستەوە [رواه البخاري (6/رقم 3444) ومسلم (2368/1838/4) وغيرهما] .

(343) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لەسورەتی (البقرة :225) دا کەدەفەرموێ ﴿لاَيُؤَاخِذُكُمُ اللهُ بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ ، وَلَكِنْ يُؤَاخِذُكُمْ بِمَا كَسَبَتْ قُلُوبُكُمْ﴾ واتە: خوای گەورە بەو جۆرە سوێندە سەر زاریانە لێتان ناگرێت ، بەڵکو بەوەی لێتان دەگرێت کەلەدڵتانەوە دەردەچێت . وەلەسورەتی (المائدة :89) دا کە دەفەرموێ : ﴿لَايُؤَاخِذُكُمُ اللهُ بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ وَلَكِنْ بِمَا عَقَّدتُمُ الأَيْمَانِ﴾ واتە : خوای گەورە بەو سوێندە سەر زاریانە تان لێتان ناگرێت بەڵکو بەوەی کەلەدڵتانەوە گرێی دەدەن وەلەبەر

**دووەم : سوێندی دامەزراو (يَمِينُ المُنْعَقِدَة): ئەوەیە کەبەمەبەستی سوێند لەدڵەوە سوێند بخوات ئەم جۆرە یا دەبێت سوێندەکەی بەجێ بهێنێت وەیان دەبێت کەففارەتی سوێند بدات (344) جا ئەگەر بینی سوێندەکەی بەجێ بێنێت باشترە ئەوە سوێندەکەی بەجێ بێنێت وەئەگەر بینی باشتر وایە بەجێی نەهێنێ ئەوە کەففارەتی بدات (345) کەخواردنی دە (10) کەم دەست (فَقِيْر)ە لەمام ناوەندی ترین خواردن کەدەیداتە کەس و کاری خۆی یان پۆشاك بۆکردنیان یان ئازادکردنی بەندەیەك، ئەگەر ئەمانەی نەتوانی ئەوەسێ ڕۆژ ڕۆژوو بگرێت . (346)**

---

فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی ﴿لاَيُؤَاخِذُكُمُ اللهُ بِاللَّغْوِ﴾ لەبارەی ئەو قسەیەوە دابەزی کەدەڵێت : نە (والله) ، وبەڵێ (والله) [رواه البخارى (11/رقم6663)] .

(344) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لەسورەتی (المائدة :89) دا ﴿وَلَكِنْ يُؤَاخِذُكُمْ بِمَا عَقَّدتُّمُ الأَيْمَان فَكَفَارَتُهُ﴾ کەلەپەراوێزی پێشوودا باسمان کرد .

(345) لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی :((**مَنْ حَلَفَ عَلَى يَمِيْنٍ فَرَأَى غَيْرَهَا خَيْراً مِنْهَا فَلْيَأْتِ الَّذِي هُوَ خَيْرٌ ، وَلْيُكَفِّرْ عَنْ يَمِيْنِهِ**)) واتە : هەرکەسێك ئەگەر سوێندی خوارد لەسەر شتێك جابینی شتێکیتر لەوە چاکترە ئەوە با ئەوە بکات کەچاکترە و کەففارەتی سوێندەکەی بدات . [رواه مسلم (1650/1272/3) والترمذي (1569/43/3)].

(346) لەبەر فەرموودەی خوای گەورە لەسورەتی (المائدة :89) دا کەدەفەرموێ﴿ لاَيُؤَاخِذُكُمُ اللهُ بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ وَلَكِنْ يُؤَاخِذُكُمْ بِمَا عَقَّدتُّمُ الأَيْمَانَ فَكَفَّارَتُهُ إِطْعَامُ عَشْرَةِ مَسَاكِيْنَ مِنْ أَوْسَطِ مَاتُطْعِمُوْنَ أَهْلِيْكُمْ أَوْ كِسْوَتُهُمْ أَوْ تَحْرِيْرُ رَقَبَةٍ فَمَنْ لَمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلاَثَةِ أَيَّامٍ ذَلِكَ كَفَّارَةُ أَيْمَانِكُمْ إِذَا حَلَفْتُمْ وَاحْفَظُوا أَيْمَانَكُمْ ...﴾ واتە : خوا لێتان ناگرێت لەو سوێندە سەر زاریانەتان بەڵکو لەو سوێندانەتان دەگرێت کەلەدڵتانەوە گرێی دەدەن جا کەففارەتەکەی خواردن دانی دە(10) کەم دەستە لەمام ناوەندی ترینی ئەو خواردنەی دەیدەنە کەس و کارتان یان پۆشاك بۆ کردنیان یان ئازادکردنی بەندەیەکە

**سێیەم : سوێندی درۆو فێڵ بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵکی (يَمِينُ الغَمُــوس) :ئەوەیە کەبەدرۆوە بخورێت بەمەبەستی هەڵخەڵەتاندنی بەرانبەر و ماف خواردنی و ناپاکی کردن لەگەڵی داو ئەوە پێی دەوترێت (غَمُوس) چونکە خاوەنەکەی قووت (شڵەپاندن)ی ناو تاوان دەکات پاشان قووتی ناو ئاگری دۆزەخ ی دەکات ، ئەمیش یەکێکە لە تاوانە گەورەکان وەکەففارەتیشی نیە** (347)

---

جا ئەگەر کەسێك ئەمانەی نەبوو ئەوە سێ رۆژ رۆژوو بگریت ئەوە کەففارەتی سوێندەکانتانە ـ ئەگەر سوێند بخۆن و بەجێی نەهێنن — جا سوێندی خۆتان بپارێزن .

(347) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لەسورەتی (النحل :94) دا کەدەفەرمووێ : ﴿وَلَا تَتَّخِذُوا أَيْمَانَكُمْ دَخَلاً بَيْنَكُمْ فَتَزِلَّ قَدَمٌ بَعْدَ ثُبُوتِهَاوَتَذُوقُوا السُّوْءَ بِمَا صَدَدْتُمْ عَنْ سَبِيْلِ اللهِ وَلَكُمْ عَذَابٌ عَظِيْمٌ﴾ واتە : ئەو سوێندانەتان کەدەیخۆن بۆ ئەو کەسانەی پەیمانیان پێ دەدەن مەیکەنە رێگایەك بۆ فێڵ لێ کردن و هەڵخەڵەتاندنی ئەوان تاوەکو ئەوان لێتان ئەمین بن و ئێوەیش نیەتتان پیسە بەرانبەریان دوایی بەرهەمی ئەو خراپانەتان دەچێژن کەبەرگری پێ دەکەن لەرێگای خوا ،وە بۆ ئێوە هەیە سزایەکی زۆر گەورە ـ ئە گەر وابکەن ـ. وەلە بەرفەرموودەکەی (عَبْدُالله بن عَمْرو) (خوایان لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی :((**الكَبَائِرُ : الإِشْرَاكُ بِاللهِ وَعُقُوقُ الوَالِدَيْنِ وَقَتْلُ النَّفْسِ ، وَاليَمِيْنُ الغَمُوْسِ**)) واتە : تاوانە گەورەکان ئەمانەن : هاوەڵ بریاردان بۆ خوا بەگوێ نەکردنی دایك و باوك کوشتنی کەسێك وەسوێندی درۆو فێڵ . [رواه البخاري (11/رقم 6675) والترمذي (5010/303/4) والنسائي (89/7)] .

وەفەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ((**خَمْسٌ لَيْسَ لَهَا كَفَّارَةٌ : الشِّرْكُ بِاللهِ عَزَّوَجَلّ ، وَقَتْلُ النَّفْسِ بِغَيْرِ حَقٍّ ، أَوْ نَهْبُ المُؤْمِنِ أَوْ الفِرَارُ مِنَ الزَّحْفِ أَوْ يَمِينٌ صَابِرَةٌ يَقْتَطِعُ بِهَا مَالاً بِغَيْرِ حَقّ**)) واتە : پێنج تاوان هەیە کە ففارەتی نیە : شەریك بریاردان بۆ خوا وکوشتنی نەفسێك بە ناحەق وە رووت کردنەوەی موسڵمانان وەراکردن لەغەزادا وەسوێندێکی فێڵ و درۆ بۆ

**وەدامەزراندنی سوێند پەیوەستە بەنیەتی سوێند خۆرەوە (□□□) ئەمە ئەگەر خۆی سوێند بخوات ، بەڵام ئەگەر کەسێك سوێندی بدات ئەوە پەیوەست دەبێت بەنیەتی ئەوکەسەوەکە سوێندی دەدات (□□□) وەئەگەر کەسێك سوێند لەسەر شتێك بخوات نەیکات پاشان لەبیری بچێت یان نەزانێت**

---

ئەوەی ماڵی موسوڵمانی بە ناحەق پێ بخوات .[رواه احمد (220/68/14) وهـو صحيح بروانـه صحيح الجامع (3247) والإرواء (1202)] .

(348) لەبەر فەرموودەکەی (عُمَرُ بنُ الخَطَّاب) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی :((**إنَّمَا الأعْمَالُ بِالنِّيَّات**)) واتە : بەڕاستی کردەوەکان هەموو بەنیەتە ... . [رواه البخاري (1/رقم 1) ومسلم (1907/1515/3)] .

جا هەرکەسێك سوێندی لەسەر شتێك خوارد و شتێکی تری لەژێرەوە شاردەوە ، نیەتەکەی لای خوای گەورە دەژمێرێت نەك قسەکەی لەبەر فەرموودەکەی (سُوَيْدُ بنُ حَنْظَلَة) (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی : دەرچوین بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و (وائِلُ بنُ حِجْر) مان لەگەڵ دا بوو ، جا دوژمنێکی گرتی . جا خەڵکی نەیانوێرا سوێند بخۆن ، جا منیش سوێندم خوارد ، ووتم برامە جا ئەویش بەری دا ، جا کەهاتین بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئاگادارم کردەوە کەوا خەڵکەکە نەیانوێرا کەوا سوێند بخۆن ، وەمن سوێندم خوارد کەوا برامە ، جا فەرمووی ((**صَدَقْتَ ، المُسْلِمُ أخُو المُسْلِم**)) واتە : ڕاستت کرد، موسوڵمان برای موسوڵمانە . [رواه ابو داود (3/رقم 3256) وابن ماجه (2119/685/1)وهو صحيح بروانه صحيح ابن ماجه (1722)].

(349) لەبەر فەرموودەکەی (أبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت ) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی :((**إنَّمَا اليَمِيْنُ عَلَى نِيَّةُ المُسْتَحْلِف**)) واتە : بەڕاستی سوێند لەسەر نیەتی ئەو کەسەیە کەداوای سوێند خواردن دەکات [رواه مسلم (1653/1274/3) بدون زياده (إنَّما) وابن ماجه (2120/685/1)] .

وەفەرموودەکەی تری (أبُو هُريرة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((**يَمِيْنُكَ عَلَى مَا يُصَدِّقُكَ بِهِ صَاحِبُك**)) واتە : سوێندەکەت لەسەر ئەوەیە کەهاوەڵەکەت باوەڕت پێ دەکات . [رواه مسلم (1653/1274/3) وإبن ماجه (2121/686/1) وغيرهما)].

**بیکات ، ئەوە سوێندەکەی ناکەوێت** (□□□) **وەئەگەر سوێند خۆر پاش سوێندەکەی (إِنْ شَاءَ اللهُ) بکات ئەوە سوێندەکەی ناکەوێت** (□□□) **وە ئەگەر**

---

(350) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لەسورەتی (البقرة :286) دا کەدەفەرموێ ﴿رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَا إِنْ نَسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا﴾ واتە : ئەی پەروەردگار لێمان مەگرە لەوەی لەبیرمان چوە یا نەمانزانیوە . پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی خوای گەورە لەوەڵامی باوەڕداران دا فەرمووی : بەڵێ : [رواه مسلم (125/115/1) عن ابي هريرة].

وەفەرموودەکەی (ابنُ عبّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ((**إِنَّ اللهَ وَضَعَ عَنْ أُمَّتِي الخَطَأَ وَالنِّسْيَانَ وَمَا اسْتُكْرِهُوا عَلَيْهِ**)) واتە : بەڕاستی خوای گەورە لەسەر ئوممەتەکەم تاوانی هەڵگرتوە لەنەزانین و لە بیر چونەوە و ئەوەی زۆریان لێ دەکرێت . [رواه ابن ماجه (رقم / 2045) وهو صحيح بروانه الأرواء (82) وصحيح ابن ماجه(1664)] .

(□□□) لەبەر فەرموودەکەی (ابنُ عُمر) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((**مَنْ حَلَفَ وَاسْتَثْنَى ،إِنْ شَاءَ رَجَعَ وَإِنْ شَاءَ تَرَكَ غَيْرَ حَانِثٍ**)) واتە : ئەگەر هەرکەسێك سوێندی خوارد و (إن شاءالله)ی کرد ، ئەگەر ویستی بێت دەگەڕێتەوە وە ئەگەر ویستیشی هەبێت وازی لێ دەهێنێت بەبێ ئەوەی سوێندەکەی بکەوێت [رواه ابوداود (4/رقم/3262) و إبن ماجه (2105/68/1) والنسائی (12/7) وهو حديث صحيح بروانه صحيح ابن ماجه (1711)] .

وەلەبەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : قال سليمان بن داود نبي الله : ((**لأَطُوفَنَّ اللَّيْلَةَ عَلَى تِسْعِيْنَ إِمْرَأَةٍ ، كُلُهُنَّ تَأْتِي بِفَارِسٍ يُجَاهِدُ فِي سَبِيْلِ الله ، فَقَالَ صَاحِبُهُ ، قُلْ إِنْ شَاءَ اللهُ ، فَلَمْ يَقُلْ فَنَسِيَ ، فَطَافَ عَلَيْهِنَّ جَمِيْعَاً ،فَلَمْ تَحْمِلْ مِنْهُنَّ إِلاَّ إِمْرَأَةً وَاحِدَةً جَاءَتْ بِشَقِّ رَجُلٍ**)) فَقَالَ رَسُولُ الله (ﷺ) : ((**وَأَيْمُ الَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ لَوْ قَالَ : إِنْ شَاءَ اللهُ لَجَاهَدُوا فِي سَبِيْلِ اللهِ فُرْسَانَاً أَجْمَعُونَ**)) واتە : (سُلَيْمَانُ بنُ دَاوُد) ی پێغەمبەری خوا(درودو سڵاوی خوایان لەسەر بێت) فەرمووی : ئەمشەو دەگەڕێم بەسەر نەوەت (90)ئافرەت دا هەریەکەیان کوڕێك دێنی بجەنگێت لە پێناوی خوادا ، جا هاوەڵەکەی (یان فریشتەیەك) پێی ووت : بڵێ (إِنْشَاءَ الله) ، جا نەیووت و لەبیری چوو ، جا هیچ لە ئافرەتەکانی هیچیان نەهێنا تەنها یەکێکیان نەبێت نیوە کوڕێکی هێنا ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : سوێند بەوکەسەی کە نەفسی موحەممەدی بەدەستە ئەگەر بیوتایە

**کەسێك سوێندی خوارد شتێکی حەڵاڵ لەسەر خۆی حەرام کات ، ئەوە حەرام نابێت (□□□) وە ئەگەر ئەو شتەشی کرد ئەوە لەسەریێتی کەففارەتی سوێند بدات . (□□□)**

---

(إِنْشَاءَ الله) ئەوە هەموویان دەبوونە سوارو لە پێناوی خوادا تێ دەکۆشـان . [رواه البخاری (13/رقـم/6639) وهـذا لفظـه ومـسلم (1654/1275/3) وغيرهما] .

وە لەڕیوایەتی مسلم فەرمووی : ((**لَوْ قَالَ إِنْشَاءَ اللهُ ، لَمْ يَحْنَثْ**)) واتـە : ئەگـەر بیفەرموایە (إِنْشَاءَ الله) ئەوە سوێندەکەی نەدەکەوت .

(□□□) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لە سورەتی (التحريم :1) دا کە دەفەرمێ : ﴿**يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَاأَحَلَّ اللهُ لَكَ تَبْتَغِي مَرْضَاتَ أَزْوَاجِكَ وَاللهُ غَفُوْرٌ رَحِيْمٌ ، قَدْ فَرَضَ اللهُ لَكُمْ تَحِلَّةَ أَيْمَانِكُمْ**﴾ واتە : ئەی پێغەمبەر بۆچی شتێك کە خوا بۆتـۆی حـەلاڵ کردوە لەبەر ڕازی کردنی خێزانەکانت لە خۆتی حەرام دەکەی وە خوای گـەورە لێبـوردەو بەبەزەییە ، بەڕاستی خوای گەورە چۆنێتی لابردنـی سـوێندەکانتانی بـەدانی کـە ففـارەت کردۆتەوە ،وە هۆی دابەزینی ئـەم ئایەتـە لـە فەرموودەکـەی (عَائِشَةَ) دا (خـوای لێ ڕازی بێت) هاتوە کە دەفـەرموێ : پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) هـەنگوینی لای (زَيْنَبُ بِنْتَ جَحْش) دەخوارد و لای دەمایەوە جا مـن و (حَفْصَة) دەسـتمان تێکـەڵ کـرد کـەوا ئەگـەر هاتـە ژوورەوە بۆلای هەرکامامان بابڵێین پێی تۆ (مَغَافِير)ت خواردوە؟ من بۆنی (مَغَافِيْر)ت لێ دەکەم . جا فەرمووی نەء ، بەڵکو من هەنگوینم دەخوارد لای (زَيْنَبُ بِنْتُ جَحْش) جـائیتر بۆی ناگەڕێمەوە ، وە سوێندم خواردووە ، جا کەس لەمە ئاگادار مەکـەرەوە [رواه البخاری (9/رقم/4912) ] (مَغَافِير) چرێشێکە لەداری (العرفط) دێتـە دەرەوە ، دەخورێـت ، بـۆنێکی زۆر ناخۆشی هەیە.

(□□□) لەبەر فەرموودەکەی (ابنُ عبّـاس) (خوایـان لێ ڕازی بێـت) کـەوا دەیفـەرموو (شـت حـەرام کـردن لەسـەر خـۆ ، سـوێندە و کـە ففـارەتی دەدات ، وە دەیفـەرموو : ﴿**لَقَدْكَانَ لَكُمْ فِي رَسُوْلِ اللهِ أُسْـوَةٌ حَـسَنَةٌ**﴾ (الأحـزاب :21) واتـە : بەڕاسـتی لـە پێغەمبەری خوادا (ﷺ) باشـترین سەرمەشـق هەیـە بـۆ ئێـوە . [رواه البخاری (9/رقم/5266) ومسلم (1473/1100/2)] .کەوا بوو ئەگەر کەسێك شتێکی حەڵاڵی لە سەر خۆی حـەرام کـرد ئەوە دەبێت( پێویستە) واز لەو حەرام کردنە بێنێت وکەففارەتی سوێند خواردن بدات .

لەبڵاوکراوەکانی ماڵپەڕی ئیمان وەن
www.iman1.com
هەمیشە لەگەڵمان بن بۆنوێبوونەوەی ئیمان
imanonekurd@yahoo.com